www.ba8.org

نوێژی جەماعەت:

بەشی دووەم

(١١) کێ لە پێشترە بۆ ئیمامەت:

کەسێك قورئانی زۆرتر لەبەر بێت لەپێشترە بۆ ئیمامەت، جا ئەگەر لە قورئان لەبەربووندا یەکسان بوون ئەوە زاناترینیان بەسوننەت لەپێشترە، ئەگەر لەوەشدا یەکسان بوون، زووترین کۆچکەریان لەپێشترە، جا ئەگەر لەوەشدا یەکسان بوون، ئەوە بەتەمەن ترینیان لەپێشترە.

١- لە ئەبوسەعیدەوە هاتووە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إذَا كَانُوا ثَلاثَةً فَلْيَؤُمَّهُم أحدُهُم، وَأحَقُّهُم بِالإمَامَةِ أقرَؤُهُم) (رواه أحمد ومسلم والنسائي). واتە: ئەگەر سێ کەس لەشوێنێکدا بوون با یەکێکیان ئیمامەتیان بۆ بکات، وە لەپێش ترینیان بۆ ئیمامەت ئەوەیانە قورئانی زۆرتر بزانێت، واتە: قورئانی زۆرتر لەبەر بێت بەپێی حەدیسەکەی عەمری کوڕی سەلەمە کە تێیدا هاتووە فەرموویەتی: (لِيَؤُمَّكُم أكثَرُكُم قُرآناً) واتە با ئەوەتان ئیمامتان بێت کە قورئانی زۆرتر لەبەرە.

٢- لە ئیبنومەسعودەوە هاتووە دەفەرمووێت[١]: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (يَؤُمُّ القَومَ أقرَؤُهُم لِكِتَابِ الله، فَإن كَانُوا فِي القِرَاءَةِ سَواءً، فَأعلَمُهُم بِالسُّنَّة، فَإن كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأقدَمُهُم هِجرَةً، فَإن كَانُوا فِي الهِجرَةِ سَوَاءً فَأقدَمُهُم سِنّاً، وَلا يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلطَانِه، وَلا يَقعُد فِي بَيتِهِ على تَكرِمَتِه إلا بِإذنِه) رواه أحمد ومسلم وفي لفظ (لا يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي أهلِهِ وَلا فِي سُلطَانِه). واتە: کێ قورئانی زورتر لەبەر بوو ئەوە ئەبێتە ئیمامی خەڵك، جا ئەگەر لەقورئاندا یەکسان بوون زاناترینیان بەسوننەت ئەبێت بە ئیمام، جا ئەگەر لەسوننەتیشدا یەکسان بوون کێ زووتر کۆچی کردبێت، ئەوە ئەبێت بە ئیمام، جا ئەگەر لەکۆچ کردنیشدا یەکسان بوون، ئەوە بەتەمەن ترینیان ئەبگێت بە ئیمام، وە کەس لەشوێنی دەسەلاتی کەسدا ئیمامەتی نەکات (واتە: لەماڵەکەی یا مەجلیسەکەی یا ئەو مزگەوتەی کە ئیمامە تێیدا)، وە کەس لە جێگەی خاوەن ماڵدا دانەنیشێت هەتا خاوەن ماڵ ڕێی پێ نەدات، وە لە لەفزێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: کەس ئیمامەتی کەس نەکات لەناو ماڵ و کەس‌وکارەکەیدا، یا لە شوێنی دەسەلاتەکەیدا، ئەم حەدیسە سەعیدی کوڕی مەنصوریش گێڕاویەتی‌یەوە بەڵام ئەمەی تێدایە: تا خاوەن دەسەلات لەشوێنی خۆی ڕێگا نەدا کەس ئیمامەتی نەکات، وە کەسیش لەشوێنی خاوەن ماڵ دانەنیشێ تاوەکو بۆخۆی ڕێی پێ نەدا. مەبەست ئەمەیە کە خاوەن ماڵ و خاوەن دەسەلات وخاوەن کۆڕو سەرۆکی کۆڕ لەهەمووکەس لەپێشترن بۆ ئیمامەت، بەمەرجێ خۆی ڕێی نەدابێت کەسێکی تریان ببێتە ئیمام.

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا يَحِلُّ لِرَجُلٍ يُؤمِنُ بِاللهِ وَاليَومِ الآخِرِ أن يَؤُمَّ قَوماً إلا بِإذنِهِم وَلا يَخُصَّ نَفسَهُ بِدَعوَةٍ دُونَهُم فَإن فَعَلَ فَقَد خَانَهُم) (رواه أبوداود)[٢]. واتە: ڕەوا نی‌یە بۆ کەسێك

---

(١) ڕاست ئەبی مەسعودە نەك ئیبنومەسعود، وە ناوی تەواوی (عقبة بن عمرو الأنصاري البدري) یە جا حەدیسەکە لە موسنەدی ئەوە لەلای سەرجەم ئەوانەی تەخریجیان کردووە.

(٢) ئیسنادەکەی (ضعیف)ە و (مضطرب)ە، ووتراوە: لە ئەبوهورەیرەوەیە، وە ووتراوە لە (ثوبان)ەوەیە، پاشان لە سەنەدەکەیدا پیاوێکی تێدایە کە نەناسراو (مجهول)ە، وە ئەمەم ڕوون کردۆتەوە لە (ضعیف سنن أبي داود٢,٣)دا. وە ئیبنو خوزەیمە حوکمی داوە بەسەر بەشی دووەم لە

www.ba8.org

باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێت بێتە ئیمامی کۆمەڵێك بەبێ ڕەزامەندی خۆیان، وە ئەگەر پاڕایەوە تەنها بۆخۆی نەپاڕێتەوە، ئەگەر ئەوەی کرد خیانەتی لێ کردوون.

(١٢) کێ ئیمامەتی دروستە :

دروستە منداڵێك کە خاوەن تەمیز بێت ئیمامەتی بکات، وە کوێر، وە کەسێکی بە پێوە وەستاو ئیمامەتی کەسێك بکات کە دانیشتووە، وە کەسێکی دانیشتوو ئیمامەتی کەسێکی بەپێوە وەستاو بکات، وە کەسێك نوێژی فەرز بکات ببێتە ئیمامی کەسێك سوننەت بکات، وە کەسێك نوێژی سوننەت بکات ببێتە ئیمامی کەسێك کە نوێژی فەرزبکات، وە کەسێك دەستنوێژی هەبێت ببێتە ئیمامی کەسێك تەیەمومی کردبێت، وە کەسێك تەیەممومی کردبێت ببێتە ئیمامی دەستنوێژگر، وە ڕێبوار ببێتە ئیمامی کەسێکی نیشتەجێ، وە نیشتەجێ ببێتە ئیمامی کەسێکی ڕێبوار، وە کەسێکی چاك ببێتە ئیمامی کەسێکی چاکتر لەو، عەمری کوڕی سەلەمە ئیمامەتی بۆ هۆزەکەی کردووە، کاتێ تەمەنی شەش یا حەوت ساڵ بووە، وە پێغەمبەر ﷺ ئیبنوئوممی مەکتومی لەجێی خۆی دووجار داناوە نوێژ بۆ خەڵکی مەدینە بکات کە پیاوێکی کوێریش بوو، وە پێغەمبەر ﷺ بەدانیشتنەوە لەدوای ئەبوبەکرەوە نوێژی کردووە کاتی نەخۆشییەکەی، وە لەماڵەکەی خۆیدا بەدانیشتنەوە ئیمامەتی کۆمەڵێکی کردووە ئەوان بەپێوە وەستاوون، جا ئاماژەی بۆ کردن دابنیشن، کاتێ لەنوێژ بووەوە فەرمووی: (ئیمام بۆ چاو لێ کردن دانراوە کاتێ چووە رکوعەوە ئێوەش بچن، کاتێ سەری بەرز کردەوە ئێوەش سەر بەرز بکەنەوە، ئەگەر دانیشت ئێوەش بەدانیشتنەوە نوێژ بکەن لەدوایەوە). (لەمەزهەبی ئیسحاق و ئەوزاعیو ئیبنو مونذیر و (ظاهري)یەکاندا دروست نییە کەسێك توانای بەپێوە وەستانی هەبێت نوێژ بکات لەدوای کەسێکەوە لەبەر مەعزەرەت بەدانیشتنەوە نوێژ ئەکات، بەڵکو واجبە لەسەری ئەویش وەکو ئەو دابنیشێ بەپێی ئەم (حديث)ە، بەڵام ئەڵێن: مەنسوخە) [٣].

(معاذ) نوێژی خەوتنانی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ ئەکرد لەپاشاندا ئەگەڕایەوە بۆناو هۆزەکەی ئەونوێژەی بۆ ئەکردن، جا نوێژەکەی خۆی نوێژی سوننەت بوو بۆی، وەبۆ ئەوانیش نوێژی فەرزی خەوتنان بوو.

لە میحجەنی کوڕی ئەدرەعەوە هاتووە دەفەرمووێت: چومە لای پێغەمبەر ﷺ لەمزگەوت کاتی نوێژ بوو، پێغەمبەر ﷺ نوێژی بۆ کردن، بەڵام من نوێژم لەگەڵدا نەکردن فەرمووی: (نەئەبوو نوێژ بکەی لەگەڵمان؟) ووتم: ئەی نێرراوی خوا! لە شوێنی خۆم نوێژم کردو پاشان هاتم، فەرمووی: (ئەگەر جارێکی تر ئاوا هاتی نوێژ بکە لەگەڵمان و بیکە بە نوێژی سوننەت).

حەدیسەکەدا، کە هەڵبەستراوە، هەروەها ئیبنو تەیمییەو ئیبنو قەییمیش ئیقراریان بەمە کردووە، ئەمما بەشی یەکەم لە حەدیسەکە ئەوە واتاکەی هاتووە لە حەدیسی تردا، ئیبنو خوزەیمە خۆی هەندێکیانی صەحیح کردووە لە صەحیحەکەی (٣/١١)دا، وە (ابن المنذر) لە (الترغيب ١/١٧٠-١٧١) دا هێناویەتی، هەندێکیان لەم کیتابەدا دێت، (تمام المنة).

([٣]) لە مەزهەبی ئیسحاق و ئەوزاعیو ئیبنو مونذیر و (ظاهري)یەکاندا دروست نییە کەسێك توانای بەپێوە وەستانی هەبێت نوێژ بکات لەدوای کەسێکەوە لەبەر مەعزەرەت بەدانیشتنەوە نوێژ ئەکات، بەڵکو واجبە لەسەری ئەویش وەکو ئەو دابنیشێ بەپێی ئەم (حديث)ە، بەڵام ئەڵێن: مەنسوخە.

پێغەمبەر ﷺ کابرایەکی بینی بە تەنها نوێژی ئەکرد ، فەرمووی: (کەسێك نی‌یە خێر بەمە بکات و نوێژی لەگەڵدا بکات).

عەمری کوڕی عاص تەیەمومی کردو ئیمامەتی کۆمەڵێکی کرد پێغەمبەریش ﷺ بڕیاری لەسەردا.

پێغەمبەر ﷺ لە کاتی فەتحی شاری مەککە دوو ڕکات دوو ڕکات، جگە لەنوێژی ئێوارە ئیمامەتی خەڵکی ئەکردو ئەیفەرموو: (يَا أهلَ مَكَّةَ قُومُوا فَصَلُّوا رَكعَتَينِ أُخرَيَينِ فَإنَّا قَومٌ سفر) واتە: ئەی دانیشتوانی مەککە هەڵسنەوە دوو ڕکاتەکەی تر تەواو بکەن چونکە ئێمە قەومێکین لەسەفەردایـن.

وە ئەگەر موسافیر لەدوای موقیمەوە نوێژی کرد ئەبێت چوار ڕکاتەکە تەواو بکات، با کاتێکیش بەئیمام بگات لەڕکاتێکیش کەمتری مابوو، لەئیبنو عەبباسیان پرسی بۆچی موسافیر ئەگەر بەتەنها نوێژی کرد دوو ڕکات ئەکات، وەئەگەر لەدوای موقیمەوە نوێژی کرد ئەبێ چوار ڕکات بکات ؟ فەرمووی: ئەوە سوننەتە. وە لەزاراوەیەکی تردا موسای کوڕی سەلەمە پێی ووت: کاتێ لەگەڵ ئێوەدا نوێژمان ئەکرد چوار ڕکاتمان ئەکرد ، وەکاتێ گەڕاینەوە دوو ڕکاتمان ئەکرد ؟ فەرمووی: ئەوە سوننەتی ئەبولقاسمە ﷺ. (ئەحمەد گێڕاویەتی‌یەوە).

(١٣) کێ ئیمامەتی دروست نی‌یە:

کەسی مەعزەرەتدار وەك: با ڕانەگر یا میز ڕانەگر یا سك چووی بەردەوام، دروست نی‌یە ببێتە ئیمامی کەسێك کە تەندروست بێت، وە هەروەها دروست نی‌یە ئەمانە ببنە ئیمامی کەسێکی مەعزەرەتدار، بە مەرجێك مەعزەرەتەکەیان وەك مەعزەرەتی خۆیان نەبێت، (بۆ نمونە دروست نی‌یە میزڕانەگر ئیمامەتی با ڕانەگر بکات)، ئەمەش لەلای جەماوەری زانایان[٤] بەو شێوەیە. وە مالکی‌یەکان ئەڵێن: ئیمامەتی مەعزەرەت دار دروستە بۆ لەش ساغ بەڵام کەراهەتی هەیە.

(١٤) موستەحەببە ئافرەت ئیمامەتی ئافرەتان بکات:

چونکە عائیشە خوا لێی ڕازی بێت ئیمامەتی بۆ ئافرەتان ئەکردو لەناو ڕیزەکەدا ئەوەستا لەگەڵیان، وە ئوموسەلەمەش ئیمامەتی ئافرەتانی ئەکرد ، وە پێغەمبەر ﷺ وەرەقەی کردبووە بانگبێژی ئوموسەلەمە بانگی بۆ ئەدا ، وەفەرمانی بە ئومو سەلەمە کردبوو لەفەرزەکاندا ئیمامەتی ئەهلی ماڵەکەی بکات.

(١٥) تەنها بۆ پیاو هەیە ببێتە ئیمامی ئافرەتان، نەك ئافرەت ئیمامەتی پیاوان بکات:

ئەبویەعلاو (طبراني) لە (الأوسط) دا بەسەنەدی حەسەن ئەگێڕنەوە کە ئوبەی کوڕی کەعب هاتە لای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی نێرراوی خوا ئەمشەو کارێکی سەیرم کرد ، فەرمووی: (چی بوو؟) فەرموی: کۆمەڵێك ئافرەت

---

(٤) هیچ ڕوویەك نی‌یە بۆ کەراهەت چ جای دروست نەبوون، ئەگەر مەرجەکانی شایەنتری تێدا بێت بۆ ئیمامەت، وە ئێمە هیچ جیاوازی‌یەك نابینین لە نێوان ئەم و کوێرێك کە ناتوانێت خۆی بپارێزێت لە میز، وەك پاراستنی چاوساغ، و دانیشتوێك کە ناتوانێ هەستێ، لەکاتێکدا هەستان ڕوکنە، لەبەر ئەوەی هەرکامێکیان کارێکیان کردووە کە لە توانایاندا نەبووە، وە ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ و ئیمامی شەوکانی باس و بەدووا چوونێکی گرنگی هەیە لە دروستی نوێژ لە دوای موسڵمانی فاسق و منداڵی بالغ نەبووەوە، و کەسێك کەم و کوڕی هەیە لە خوێنی نوێژ و جگە لەمانەش، جا بگەڕێوە بۆ کیتابی (السيل الجرار ١/٢٤٧-٢٥٥) چونکە کیتابێکی زۆر بە نرخە.

لەماڵێ ووتیان: تۆ قورئان خوێنی، ئێمە قورئان نازانین ئیمامەتیمان بۆ بکە، منیش هەشت ڕکات نوێژم بۆ کردن لەگەڵ نوێژی وەتردا، ئەڵێ: پێغەمبەر ﷺ قسەی نەکرد، بینیمان قسەنەکردنەکەی نیشانەی ڕازی بوونی بوو.

(١٦) ئیمامەتی کردنی فاسیق و موبتەدیع کەڕاهەتی هەیە:

بوخاری ئەگێڕێتەوە کە ئیبنوعومەر لەدوای حەججاجەوە نوێژی کردووە، وە موسلیم ئەگێڕێتەوە کە ئەبوسەعیدی خودری لەدوای مەڕوانەوە نوێژی جەژنی کردووە، هەروەها ئیبنومەسعود لەدوای وەلیدی کوڕی عوقبەی کوڕی (معیط)ەوە - نوێژی کردوە - وە ئەو عارەق خۆر بوو، بەیانی‌یەکیان چوار ڕکات نوێژی بۆ کردن، وە (عثمان)ی کوڕی عەففان دارکاری کرد لەسەر ئەوە.

صەحابەو تابعین لەدوای ئیبنوعوبەیدەوە نوێژیان کردووە هەرچەندە تاوانبار بوو بە ئیلحاد، وە بانگەوازی بۆ گومڕایی ئەکرد، وە ئەوبنەمایەی زانایان بۆی چوون ئەوەیە: هەرکەس بۆخۆی نوێژی دروست بێت بۆ کەسێکی تریش ئیمامەتی بکات هەردروستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ووتویانە: نوێژ کردن کەڕاهەتی هەیە لەدوای فاسیق و موبتەدیعەوە، بەپێی ئەوەی ئەبوداودو ئیبنو حیببان گێڕاویانەتەوە، وە ئەبوداودو (منذري)ش بێ‌دەنگن لەسەری[٥].

لە سائیبی کوڕی خەللادەوە ئەگێڕنەوە پیاوێك ئیمامەتی کۆمەڵێکی کرد، بۆلای قیبلەوە تفێکی کرد، پێغەمبەر ﷺ سەیری ئەکرد، فەرمووی: (نابێت جارێکی تر ئیمامەتیتان بۆ بکات)، دوای ئەوە ویستی ئیمامەتی بکات نەیان هێشت و فەرمایشتەکەی پێغەمبەریان پێ ڕاگەیاند، ئەویش هات بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە فەرمووی: (بەڵێ... تۆ ئازاری خواو پێغەمبەرەکەیت داوە).

(١٧) دروستە جیابوونەوە لە ئیمام لەبەر مەعزەرەت:

دروستە کەسێك لەگەڵ ئیمامدا نوێژ دابەستێ و لەنوێژەکە دەرچێ بەنییەتی جیابوونەوە لەئیمام و خۆی بەتەنها نوێژەکەی تەواو بکات، کاتێ ئیمام درێژەی زۆری بەنوێژەکەدا، وە لە چەند حاڵەتی تریشدا، وەك ڕوودانی نەخۆشی و ترسی وون بوونی ماڵ، یا لەناوچوونی، یا هاوڕێ لەدەس چوون، یا هاتنی خەوی زۆر، ئەمانەو وێنەی ئەمانە هەموو ئەخرێنە پاڵ ئەو درێژە پێدانەو وەکو ئەو وان، بەپێی ئەوەی جەماعەت لەجابیرەوە خوا لێی ڕازی بێت ئەگێڕنەوە کە دەفەرموێت: (معاذ) نوێژی خەوتنانی لەدوای پێغەمبەرەوە ﷺ ئەکرد، پاشان ئەگەڕایەوە بۆناو هۆزەکەی بەرنوێژی بۆ ئەکردن، جا پێغەمبەر ﷺ خەوتنانی دوا خست (معاذ) نوێژی لەگەڵدا کرد، پاشان گەڕایەوە بۆلای هۆزەکەی، نوێژی پێ‌کردن و سوڕەتی (البقرة)ی تێدا تەواو کرد، پیاوێك لێی جیا بۆوە بەتەنها نوێژەکەی کرد، لەبەر ئەوە پێیان ووت: تۆ مونافیقی ئەکەیت فلان کەس، ووتی: مونافیقی ناکەم، بەڵام ئەبێ بچمە لای پێغەمبەر ﷺ بۆی بگێڕمەوە. کاتێ هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ بە (معاذ)ی فەرموو: (ئەی (معاذ) توخەڵك لەدین هەڵئەگێڕیتەوە؟ ـ دوو جار ئەمەی فەرمو ـ سوڕەتی ئەوەو ئەوە بخوێنە).

---

(٥) شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (صحیح الترغیب والترهیب)دا دەفەرموێت صەحیحە.

(١٨) ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی نوێژکردنەوە لەگەڵ جەماعەتدا :

لە یەزیدی ئەسوەدەوە هاتوە دەفەرمووێت: لە مینا لەدوای پێغەمبەرەوە ﷺ نوێژی بەیانیمان کرد دوو پیاو هاتن لای وولاٚغەکانیان وەستان، پێغەمبەر ﷺ ناردی بەدوایاندا هێنایانن، دەمارەکانیان لەترسا هەڵئەفڕی، فەرمووی: (چی ڕێی ئەوەی لێ گرتن لەگەڵ خەڵکەکە نوێژ بکەن... ئایا ئێوە موسڵمان نین؟) ووتیان: بەڵێ ئەی نێرراوی خوا، بەڵام لەشوێنەکانمان نوێژمان کردبوو، ئەویش ﷺ فەرمووی: (ئەگەر لەشوێنی خۆتان نوێژتان کردو هاتن ئیمام نوێژی دابەستبوو، ئێوەش لەگەڵیا نوێژ بکەن، ئەو نوێژە بۆ ئێوە بە سوننەت ئەنووسرێ). (ئەحمەدو ئەبوداود ریوایەتیان کردووە).

هەروەها نەسائی و (ترمذي) ش ریوایەتیان کردووە بە لەفزی: (هەرکاتێ لەشوێنەکانی خۆتان نوێژتان کرد پاشان هاتن بۆ مزگەوت جەماعەتیان ئەکرد نوێژیان لەگەلاٚ بکەن، چونکی ئەو نوێژە بۆتان ئەبێتە سوننەت). (ترمذي) دەفەرمووێت: حەدیسێکی حەسەن و صەحیحە، وە (ابن السكن)یش بە صەحیحی داناوە. لەم حەدیسەدا بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دووبارە کردنەوەی نوێژ لەگەڵ جەماعەتدا بەنییەتی نوێژی سوننەت شەرعی‌یە بۆ ئەوکەسانەی ئەونوێژە فەرزەیان بەجەماعەت یا بەتاك کردووە کاتێ ئەگەن بەجەماعەتدا لەمزگەوتێکی تر.

وە ریوایەت کراوە کە حوزەیفە نیوەڕۆو عەسرو ئێوارەی لەگەڵ جەماعەتێکی تردا دووبارە ئەکردەوە هەرچەندە بەجەماعەت کردبووی، هەروەها لەئەنەسەوە ریوایەت کراوە کە خۆی لەگەڵ ئەبوموسادا نوێژی بەیانی کردووە لەسەر خەرمان، پاشان چوونە مزگەوت نوێژ دابەسترابوو هەردووکیان نوێژەکەیان دووبارە کردەوە، بەرنوێژەکە موغیرەی کوڕی شوعبە بوو.

بەڵام ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تُصَلُّوا صَلاةً فِي يَومٍ مَرَّتَينِ) واتە: نوێژێکی فەرز لە ڕۆژێکدا دووجار مەکەن. (ابن عبدالبر) دەفەرمووێت: ئەحمەدو ئیسحاق لەسەر ئەوە ڕێکن کە مەبەستی لە پیاوێکە نوێژە فەرزەکان بکات پاشان هەڵسێت بچێت ئەو نوێژە هەر بەنییەتی فەرز دووبارە بکاتەوە، بەڵام کەسێك لەگەڵ جەماعەتێکی تر نوێژەکە بەنییەتی سوننەت دووبارە بکاتەوە بەپێی ئیقتدا بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ئەوە دووبارە کردنەوەی نوێژ نی‌یە لەڕۆژێکدا، چونکە یەکەم فەرز بووەو دووەم سوننەت، کەواتە دووبارەکردنەوە نی‌یە.

(١٩) موستەحەببە ئیمام دوای سلاٚودانەوە بەلای ڕاست یا بەلای چەپدا بجوڵێت پاشان شوێنەکەی بەجێ بهێڵێت :

بەپێی ئەوەی (قبيضة) ی کوڕی هەلب لەباوکی‌یەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ بەرنوێژی بۆ ئەکردین، پاشان بەلای ڕاست یاچەپدا بووایە شوێنەکەی بەجێ ئەهێشت. (ئەبوداودو ئیبنوماجەو (ترمذي) گێڕاویانەتەوە وە (ترمذي) دەفەرمووێت: حەدیسێکی حەسەنە).

وە زانایان لەسەر ئەوە ئەڕۆن کە بەرنوێژ ئارەزووی خۆیەتی بە هەر لایەکدا بڕوات، وە هەردوو لایەکە لەپێغەمبەرەوە ﷺ بەصەحیحی هاتوون.

عائیشە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ کاتێ سلاٚوی نوێژەکەی ئەدایەوەئەوەندە دائەنیشت هەتا ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ أنتَ السَّلامُ وَمِنكَ السَّلامُ تَبارَكتَ يَا ذَا الجَلالِ وَالإكرَام) (ئەحمەدو موسلیم و (ترمذي) و ئیبنوماجە گێڕاویانەتەوە).

www.ba8.org

بەڵام دوای نوێژی ئێوارەو بەیانی ئەو شوێنە نابێت بەجێ بهێڵێت: هەتا دە جار نەڵێت: (لا إلَهَ إلا اللهُ وَحدَهُ لاشَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلكُ وَلَهُ الحَمدُ يُحيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ على كُلِّ شَيئٍ قَدِير)، چونکە ئەو (فضيلة)ەی دامەزراوە لەسەر کردنی ئەوکارە، بەستراوە بە ووتنی ئەوەوە پێش ئەوەی قاچی لا ببات.

وە لای ئەحمەدو بوخاری هاتووە لە ئوموسەلەمەوە کە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ کاتێ سلاّوی ئەداوە ژنەکان هەڵئەسان ئەڕۆیشتن کاتێ لەسلاّودانەوە ئەبۆوە لەجێی خۆی ئەمایەوە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی هەڵسێت. دەفەرمووێت: ئێمە وامان دەبینی (والله أعلم) ئەم کارە بۆ ئەوە بوو ئافرەتەکان بلاّوەی لێ بکەن بەر لەوەی پیاوان فریایان بکەون.

(٢٠) بەرزی شوێنی ئیمام یا مەئموم:

کەڕاهەتی هەیە ئیمام لەشوێنێکدا بووەستێت بەرزتربێت لەنوێژکەران، لە ئەبومەسعودی ئەنصارییەوە خوای لێ ڕازی بێت هاتوە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردبوو ئیمام لەسەر شتێك بێت خەڵکەکەش لەدوایەوە بن، (واتە: لەو نزمتر بن). (دارقطني) گێڕاویەتییەوە، و (حافظ) لە (الفتح) دا بێدەنگە لێی[٦].

لە هەمامی کوڕی (حارث)ەوە هاتوە کە دەفەرمووێت: (حذيفة) لە مەدائین (کە شارێکە) لەسەر بەربەستێکی بەرز ڕاوەستابوو بەرنوێژی ئەکرد بۆ کۆمەڵێك، ئەبومەسعود کراسەکەی گرت و ڕای کێشا، کاتێ لەنوێژ بووەوە فەرموی: نازانی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەو شێوە وەستانەیان قەدەغە ئەکرد؟ فەرموی: بەڵێ ئەزانم بەڵام کاتێ ڕات کێشام بیرم کەوتەوە. (ئەبوداودو بەیهەقی و شافیعی گێڕاویانەتەوە، وە حاکم و ئیبنوخوزەیمەو ئیبنو حیببان بەصەحیحیان داناوە).

بەڵام ئەگەر بەرنوێژ مەبەستێکی هەبێت لەو بەرزییەیە، کەڕاهەتی نییە، لەسەهلی کوڕی سەعدی ساعیدییەوە هاتوە دەفەرمووێت: پێغەمبەرم ﷺ بینیوە لەسەر مینبەر، کە یەکەم ڕۆژ بوو دانرابوو، دانیشتبوو، هەڵسا لەسەر ئەو مینبەرەوە (الله أکبر) ی کردو نوێژی دابەست پاشان چووە ڕکوعەوە، لەپاشاندا دواوبەدووا گەڕایەوە لەبن مینبەرەکەدا سەجدەی برد، لەپاشاندا گەڕایەوە کاتێ لەنوێژ بووەوە ڕووی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: (أَيُّهَا النَّاس! إنَّمَا صَنَعتُ هَذَا لِتَأتَمُّوا بِي وَلِتَتَعَلَّمُوا صَلاتِي) (رواه أحمد والبخاري ومسلم). واتە: ئەی خەڵکینە من بۆیە ئەمەم کرد هەتا چاوم لێ بکەن و فێری چۆنییەتی نوێژکردنەکەم ببن.

بەڵام بەرزییەتی مەئموم بەسەر ئیمامدا دروستە بەپێی ئەوەی سەعیدی کوڕی مەنصورو شافیعی و بەیهەقی ئەگێڕنەوە، وە بوخاری بە موعەللەقی لە ئەبوهورەیرەوە کەلەسەر بانی مزگەوت نوێژی کردووەو ئیمام لەخوارەوە بووە.

لە ئەنەسەوە هاتووە کە لە بەصرە لە ماڵی ئەبونافیع لەلای ڕاستی مزگەوتەکەوە لەژوورێکدا کە باڵایەك بەرز بوو، وە دەرگایەکی تێدابوو ئەیڕووانی بەسەر مزگەوتەکەدا ئەنەس لەوێدا جەماعەتی ئەکردو ئیقتیدای ئەکرد بەئیمام، وە صەحابە بێ دەنگ ئەبوون لێی. (سەعیدی کوڕی مەنصور لەسونەنەکەیدا گێڕاویەتییەوە).

---

(٦) منیش دەڵێم: ئیسنادەکەی حەسەنە، وە بە سەنەدێکی صەحیح هاتووە لەلای ئەبو داود و جگە لەمیش، کە لە پاش ئەم حەدیسەدا باسی هاتووە، کە ئەمیش لە (صحيح أبي داود ٦١٠) دا تەخریج کراوە، بڕوانە (المشکاة ١١١٢).

www.ba8.org

شەوكانی دەفەرمووێت: ئەمما بەرز بوونی مەئموم ئەگەر هاتوو زۆر بوو بەجۆرێ لەسەرووی سێسەد زیراعەوە بێ كە ئاگای لە كردەوەكانی ئیمام نەبێت، ئەوە قەدەغەیە بە كۆی هەموو زانایان، بێ ئەوەی جیاوازی هەبێ لەنێوان مزگەوت و غەیری مزگەوتدا، بەڵام ئەگەر لەوە كەمتر بوو ئەصل ئەوەیە كە دروستە، هەتا بەڵگەیەك دەرئەكەوێت بۆ قەدەغە بوونی[٧].

وە ئەوەی ئەم ئەصڵە بەهێز ئەكات كردەوەكانی ئەبوهورەیرەیە كە لەپێشەوە باسمان كرد بێ ئەوەی كەسێك ئینكاری لێ كردبێت.

(٢١) ئیقتیدای مەئموم بەئیمام لەگەڵ بوونی بەربەست لەنێوانیاندا:

دروستە مەئموم ئیقتیدا بكات بە ئیمامەوە باشتێكی وەك دیواریش لەنێوانیاندا هەبێت، بەمەرجێك ئەو مەئمومە ئاگای لە هەڵسو كەوتەكانی ئیمام بێت بە بینین یا بە بیستن[٨].

بوخاری دەفەرمووێت: حەسەن دەفەرمووێت: ئەگەر لەنێوان خۆت و ئیمامدا ڕووبارێك هەبوو ئیقتیدا پێ كردنی خراپ نیە، ئەبومیجلەز دەفەرمووێت: ئەگەر ڕێگا یا دیوار هەبوو لەنێوان ئیمام و مەئمودا دروستە ئیقتیدا بەو ئیمامەوە بكرێت و نوێژ بكرێت، بەمەرجێك مەئموم گوێ بیستی نوێژ دابەستنی ئیمام بێت. تەواو.

وە لە پێشەوە باسی حەدیسی نوێژی پێغەمبەر ﷺ كرا كە خەڵك لەدوای حوجرەكەوە نوێژیان بەنوێژەكەی ئەكرد[٩].

---

(١) ئەمەی لە شەوكانی‌یەوە نەقڵ كردووە منیش دەڵێم: چەند ئاسارێكی تر لەبەرامبەر ئەم ئاسارانە دەوەستن، لە عومەرو شەعبی و ئیبراهیمەوە هاتوە، لە لای ئیبنو ئەبی شەیبە ٢/٢٢٣) و عبد الرزاق (٣/٨١-٨٢): ئەمەی بۆ نی‌یە ئەگەر لە نێوان خۆی و ئیمامەكەیدا ڕێگا، یان لە شێوەی ئەمانە هەبێت.

وە ڕەنگە ئەوەی لەو ئاسارانەی یەكەمدایە حەمل كرابێت لەسەر عوزر و دەست پێچ، وەك پڕ بوونی مزگەوت هەروەك هیشامی كوڕی عوروە دەفەرمووێت: جارێكیان من و باوكم هاتین تەماشامان كرد مزگەوت پڕە، جا لە خانوێكدا نوێژمان كرد بە نوێژی ئیمامەكە، ڕێگایەك لە نێوان خانوو مزگەوتەكەدا بوو، عبد الرزاق ریوایەتی كردووە (٣/٨٢) بە سەنەدێكی صەحیح لەوەوە. وە لەلای (فقیە)و شارەزا شاراوە نی‌یە كە بە (مطلق)ی ووتن بە دروستی‌یەتی ئەم كارە، بە پێچەوانەی ئەو حەدیسانەیە كە فەرمان بە گەیاندن و نەهێشتنی بۆشایی دەكات لە نێوان صەفەكاندا، كە دەبێت هەر مولتەزیم بی پێوەی و كاری پێ بكەیت، مەگەر لەبەر عوزرێك، هەر بۆیە شێخی ئیسلام لە (الفتاوی ٢٣/٤١٠) دا دەفەرمووێت: نابێت صەف ببەسترێت لە ڕێگاو بانو دوكانەكاندا، لەگەڵ بوونی جێگا لەناو مزگەوتدا، جا هەركەسێك ئاوای كرد دەبێت تەمێ بكرێت، وە بۆ ئەو كەسە هەیە كە دێت لە دوایەوە بەسەر ملیا بڕوات، بۆ ئەوەی صەفەكانی پێشەوە پڕ ببێتەوەو ئەم كارەش حەرامی تێدا نی‌یە، دەفەرمووێت: جا ئەگەر مزگەوتەكە پڕ بوو بە صەف ئەوە لە دەرەوەی مزگەوت صەف ببەستن، جا ئەگەر صەفەكان گەیاندرا بە یەكتر لە ڕێگا و بان وبازاڕەكاندا ئەوە نوێژەكەیان دروستە، وە ئەگەر صەفیان بەست و لە نێوان ئەوان و صەفەكەی پێشەوەیان ڕێگایەك بوو خەڵكی پیا دەڕۆیشت نوێژەكەیان دروست نی‌یە، لەسەر ئاشكرا ترین ووتەی زانایان، هەروەها ئەگەر نێوانیان و نێوان صەفەكانی تر دیوارێك هەبوو بە شێوەیەك صەفەكانی تری نەئەبینی، بەڵام بەبێ هیچ وەسیلەیەك گوێ بیستی (اللە أكبر)ەكان دەبوو، ئەوە لەسەر ئاشكراترین ووتە نوێژەكە دروست نی‌یە، وە هەروەها هەركەسێك نوێژی لە دوكانێكدا كرد كە بەرامبەر مزگەوتەكەیەو ڕێگا لەنێوانیاندایەو كەسی لێ نی‌یە و چۆڵە ئەو نوێژە دروست نی‌یە، هەروەها دروست نی‌یە هەر لەوێ بمێنێتەوەو چاوەڕێ بێت صەفەكان پێی بگەنەوە، بەڵكو پێویستە لەسەری بڕوات بۆ مزگەوت، صەفی یەكەم پڕ بكاتەوە پاشان ئەوی تر ئەمجا ئەوی تر. (تمام المنة).

(٢) زانایان فەتوایان داوە ئیقتدا كردن بە ڕادیۆ دروست نی‌یە.

www.ba8.org

(٢٢) حوکمی نوێژ کردن لەدوای کەسێکەوە کە فەرزێك لە فەرزەکانی نوێژ واز لیٚ بهێنیٚ :

ئیمامەتی کەسێك دروستە ئەگەر مەرجێك یا پایەییێکی نوێژەکەی تێك دا، بە مەرجێك مەئمومەکە خۆی ئەو مەرجە یا ئەو پایەیەی نوێژەکەی تەواو بەجیٚ هێنابێت، و نەیزانی بێت ئیمامەکەی نەیکردووە، بەپیٚی ئەوەی ئەبوهورەیرە دەفەرموویێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (يُصَلُّونَ بِكُم، فَإِن أَصَابُوا فَلَكُم وَلَهُم، وَإِن أَخطَأُوا فَلَكُم وَعَلَيهِم) (رواه أحمد والبخاري). واتە: ئیمامەکان بەرنوێژیتان بۆ ئەکەن ئەگەر باشیان پێکا ئەوە خێری بۆ ئێوەو خۆشیان هەیە، بەڵام ئەگەر نەیان پێکاو هەڵەیان کرد، ئەوە خێرەکەی بۆ ئێوە هەر هەیە و هەڵەکەی بۆ ئەوانە٠

لە سەهلەوە خوای لیٚ ڕازی بێت هاتوە دەفەرموویێت: لەپێغەمبەرم بیستووە ﷺ فەرمویەتی: (الإِمَامُ ضَامِنٌ فَإِن أَحسَنَ فَلَهُ وَلَهُم، وَإِن أَسَاءَ فَعَلَيهِ) (رواه ابن ماجة). واتە: بەرنوێژ زامنە ئەگەر بەچاکی نوێژەکەی کرد خێری بۆخۆی و ئەوانە، ئەگەر بەخراپی کردی سزاکەی هەر لەسەر خۆیەتی بیٚ ئەوان.

بە صەحیحی هاتووە کە جارێك عومەر خوا لیٚی ڕازی بێت، لەشی گران ئەبێت نوێژ بۆ خەڵکەکە ئەکات و ئاگای لەخۆی نابێت، کاتیٚ لەنوێژەکە ئەبێتەوە بیری ئەکەوێتە، جا نوێژەکەی دووبارە کردەوە بەڵام ئەوان نوێژەکەیان دووبارە نەکردەوە.

(٢٣) جیٚنشین دانانی ئیمام :

ئەگەر ئیمام لەنوێژەکەدا مەعزەرەتێکی بۆ هاتە پێش وەك ئەوە وەبیری هاتەوە کە ڕووداوی لیٚ ڕوودابوو، یا ڕووداوی لیٚ ڕوودا، بۆی هەیە کەسێك دوای خۆی ڕابکێشێتە جێگای خۆی بۆ ئەوەی نوێژەکەیان بۆ تەواو بکات.

لە عەمری کوڕی مەیمونەوە هاتووە دەفەرموویێت: ئەو بەیانییەی دەستیان لە عومەر وەشاند خوا لیٚی ڕازی بێت لە نێوان من و ئەودا عبداللە ی کوڕی عەبباس وەستابوو هەرئەوەندە نوێژی دابەست گوێم لیٚ بوو فەرمووی: سەگەکە کوشتمی یا خواردمی، کاتێك خەنجەرەکەی لێدا، پاشان عومەر خوا لیٚی ڕازی بێت خۆی عبدالرحمن ی کوڕی عەوفی ڕاکێشایە پێشەوە، ئەویش نوێژێکی کورتی بۆ کردن، (بوخاری گێڕاویەتییەوە).

لە ئەبورەزینەوە هاتووە: جارێك عەلی خوا لیٚی ڕازی بێت بەرنوێژمان بوو خوێنی لووتی بەربوو دەستی پیاوێکی لەدوای خۆیەوە گرت و هێنایە جیٚی خۆی و خۆی ڕۆیشت. (سەعیدی کوڕی مەنصور گێڕاویەتییەوە).

ئەحمەد دەفەرموویێت: ئەگەر ئیمام جیٚ نشینی دانا، خۆ عومەر و عەلیش خوا لیٚیان ڕازی بێت ئەوەیان کردووە، وە ئەگەر دای نەناو خەڵکەکە بۆخۆیان نوێژیان کرد ئەوە موعاویە کاتیٚ بریندار کرا جیٚ نشینی دانەنا خەڵکەکە بۆخۆیان بیٚ بەرنوێژ نوێژەکەیان تەواو کرد.

([٩]) منیش دەڵێم: ئاماژە بۆ حەدیسی عائیشەی پێشوو دەکات کە لە یەکەمی (قيام رمضان) دا هات، بەڵام باسی (الحجرة) ی تێدا نییە و ئەمەش تەخریج کراوە لە صەحیحی ئەبی داود (١٢٤٣)دا بەڵکو ئەمە لە ریوایەتی بوخارییە.

وە ئەوەی پێویستە ئاگاداری بۆ بکرێت مەبەست بە لەفزی (الحجرة) ئەوە نییە کە دێت بە مێشکدا لە یەکەم بیستندا، کە ماڵەکەیەتی ﷺ بەڵکو مەبەستی بەو حەسیرەیە کە بەشەو بەکاری ئەهێنا لە مزگەوتدا، هەروەك (حافظ) بە پشت بەستن بە هەندیٚ ریوایەت لەم حەدیسەدا ئەم فائیدەیەی بەخشیوە، بڕوانە لە کتێبەکەم (مختصر صحيح البخاري ٣٩٨). و تەعلیق دانەکەی کە لەسەری هەیە. (تمام المنة).

(٢٤) كەسێك بەرنوێژی كۆمەڵێك بكات و خۆشیان نەوێت:

چەندین (حديث) هاتووە قەدەغەی ئەوە ئەكات كە كەسێك بەرنوێژی كۆمەڵێك بكات و ئەوان خۆشیان نەوێت، وە ئەبێت ئەو خۆشنەویستنەیان لەبەر ئایین بێت، و هۆیەكی شەرعی بێت.

لە ئیبنو عەبباسەوە خوای لێ ڕازی بێت هاتوە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ثلاثةٌ لاتُرفَعُ صَلاتُهم فَوقَ رُؤسِهِم شِبراً، رَجُلٌ أمَّ قوماً وَهُم لَهُ كَارِهون، وَامرَأةٌ بَاتَت وَزَوجُهَا عَلَيهَا سَاخِطٌ، وَأخَوَانِ مُتَصَارِمَانِ) (رواه ابن ماجة، قال العراقي: إسناده حسن) واتە سێ جۆر كەس نوێژەكانیان بستێك لەسەریان بەرز نابێتەوە: پیاوێك بەرنوێژی كۆمەڵێك بكات ئەوان ڕقیان لێی بێت، ژنێك شەو ڕۆژ بكاتەوەو پیاوەكەی لێی زویر بێت، دوو برا هەمیشە شەڕیان بێت لەگەڵ یەكدا.

لە عبداللە ی كوڕی عەمرەوە هاتووە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ثلاثةٌ لايَقبَلُ اللهُ مِنهُم صَلاةً، مَن تَقَدَّمَ قَوماً وَهُم لَهُ كَارِهُونَ، وَرَجُلٌ أتى الصَّلاةَ دُباراً، وَرَجُلٌ اعتَبَدَ مُحَرَّرَهُ) (رواه ابوداود وابن ماجة)[١٠]. واتە: خوا نوێژی سێ جۆر كەس وەرناگرێت ؛ پیاوێك بەرنوێژی كۆمەڵێك بكات ئەوان ڕقیان لێی بێت، وە پیاوێك نەچێت بەلای نوێژەكەیەوە هەتا نوێژەكەی ئەچێت، وە پیاوێك ئەو بەندەیەی كە ئازادی كردوە دووبارە بیگێڕێتەوە بۆ بەندەیی.

(ترمذي) دەفەرمووێت: كۆمەڵێك لەزانایان بەكەڕاهەتیان داناوە كە كەسێك بەرنوێژی خەڵكێك بكات ڕقیان لێی بێ، جا ئەگەر ئەو بەرنوێژە بێ تاوان بوو ئەوە ئەوان تاوان بار ئەبن، وە گوناهەكەی لەسەر ئەوان ئەبێت.

==================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

---

(١٠) ئەم حەدیسە ئیسنادەكەی لاوازە نادیارێكی تێدایە. لەگەڵ لاوازێكدا، هەروەك بە ڕوون كراوەیی دەی بینی لە (المشكاة ١١٢٣) و (ضعيف أبي داود ٩٢) دا بەڵام بڕگەی یەكەمی صەحیحە، چەند شاهیدێكی هەیە كە تەخریجم كردووە لە (صحيح أبي داود ٦٠٧)دا لەوانە حەدیسی ئیبنو عەبباس كە لە پێشاندا باس كرا (تمام المنة).